سەرکی هەرەم لەگەڵ باڵیۆزی ئیمارات لەبارەی دۆخی سووریا گفتوگۆیان کرد

ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرکی هەرەمی کوردستان، لە دیدارێکدا لەگەڵ عەبدوڵڵا ئەلمەزرووعی، باڵیۆزی نوێی ئیمارات لە عێراق، باڵیۆزی ئیمارات سەاو و ڕۆژی سەرکی ئیمارات مەحەممەد بن زاید ئال نەهیانی گەیاندە نێچیرڤان بارزانی، هەروەها ستایشی پێوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ عێراق و هەرەمی کوردستاندا کرد و جەختی لە پابەندیی ئیمارات بە بەهێزکردنی زیاتری پێوەندییەکانی، بەتایبەتی لەگەڵ هەرەمی کوردستاندا کردەوە.

بەگوێرەی ڕاگەیاندراوێکی سەرکایەتی هەرەم، نێچیرڤان بارزانی سەاو و ڕۆژی بە سەرکی ئیمارات نارد و سوپاس و پێزانینی بە پشتگیریی بەردەوامی ئیمارات لە عێراق و هەرەمی کوردستان دووپات کردەوە. هەروەها هەردوولا دەربارەی فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەش لە بوارە جیاکاندا، بیروڕایان گۆڕییەوە.

هەروەها دۆخی ناوچەکە، بەتایبەتی دۆخی سووریا و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.